# لیستە سەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان خولەکانی (یەکەم – چوارەم)

## لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا

**د.احمد رفیق کریم [1]**

[1] زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان - بەشی جوگرفیا

#dkp hg1ndulp C xq1yvxdhgx1lt

---

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ د.احمد رفیق کریم

**پوختە**

لە ماوەی توێژینەوەكەدا هەڵبژاردن بۆ چوار خولی پەرلەمانی ئەنجامدراوە، زیاتر لە نیوەی لیستە ململانێكارەكان لە هیچ یەكێك لە خولەكاندا نەیانتوانیوە هیچ بەربژێرێك بنێرنە پەرلەمانی كوردستان، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندادوە ژمارەی ئەو لیستانە و ژمارە و ڕێژەی دەنگی فەوتاویان بخەینەڕوو چ لەسەر ئاستی حكومەتی هەرێم چ لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكانی هەرێم و شیكردنەوەیان بۆ بكەین، بە پشت بەستن بە میتۆدی شیكاری و بەراودكاری، لاوازی پلانی هەڵبژاردنی ئەم لیستانەو لاوازی پێگەی هەڵبژاردنیان و نوێی و نەبوونی پارتی ڕامیاری(هەندێك لە لیستەكان) و بەربژێركردنی بەربژێری لاواز و ئەنجامدانی كاری نایاسایی لە لایەن بەشێك لە پارتە سەرەكییەكانی هەرێم، هۆكاری نەگەیشتنی ئەم لیستانەبوون بە پەرلەمانی كوردستان.

**الملخص**

خلال الاطار الزمني لهذا البحث تمت اجراء اربع دورات انتخابية، اكثر من نصف القوائم المتنافسة لم يستطيعوا الحصول علي مقعد في برلمان كوردستان، لذلك حاولنا من خلال هذا البحث اظهار و تحديد و تحليل عدد القوائم و نسب و اعداد الاصوات المفقودة سواء كانت على مستوى حكومة اقليم كوردستان او وحداتها الادارية، استنادا على منهج والتحليلي و المقارنة، ان ضعف خطط الانتخابية والوزن الانتخابي لدى تلك القوائم و عدم تجديد و نشاط بعض الاحزاب السياسية، و انتخاب مرشحين ضعفاء و تأثير ممارسات غير قانونية لدى بعض الاحزاب الرئيسية في الاقليم، هي الاسباب الرئيسية في فشل وصول هذه الاحزاب الى برلمان كوردستان.

**Abstract**

During the present investigation, four rounds of Kurdistan parliament elections are performed, more than half of the lists of the conflicted lists were not capable of sending any candidate to the parliament. Therefore, in this paper the number of lists, their falied votes and the ratio of votes lost in the elections on the level of Kurdistan regional government and management units would be investigated and analysed by using analytic and comparative methods and tools. Weak electing plans of these lists, weak election power and the lack of any political parties ( of most of them), weak candidates, the illegal mechanisms from the side of the main Kurdistan parties for the sake of increasing the number of voters are among the factors of the disappointment and loss of these lists in Kurdistan parliament elections.

**پێشەکی**

هەڵبژاردن کۆڵەکەیەکی گرنگی دیموکراسییە، دەنگدەران لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە لە پرۆسەیەکی ئازاد دا، نوێنەری خۆیان (لیست، بەربژێر) بۆ ئەو دامەزراوەیە هەڵدەبژێرێن کە هەڵبژاردنەکەی بۆ ئەنجامدراوە.

لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکەدا هەڵبژاردن بۆ چوار خولی پەرلەمانی ئەنجامدراوە، لە هەر یەکێك لەو خولانەدا ژمارەیەك لیست ( کورسی گشتی، کورسی کۆتاکان) نەیانتوانیوە سەربکەون و بگەنە پەرلەمانی کوردستان، لە هەندێك خولدا، ژمارەی لیستە سەرنەکەوتوەکان زیاتر لە دوو هێندەی لیستە سەرکەتووەکان بووە وەك لیستەکانی کورسی گشتی لە هەلبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

لەم توێژینەوەیەدا لە چوار باسدا، لە ژمارەی ئەو لیستانە دەدوێین بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانیان کردووە و نەیانتوانیوە هیچ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەست بهێنن، ژمارە و ڕێژەی دەنگی لەکیس چو (فەوتاو)یان دەخەینە ڕوو، چ لەسەر ئاستی هەرێم و چ لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هۆکارەکانی پشت سەرنەکەوتنی ئەم لیستانەش شیدەکەینەوە.

**چوارچێوەی شوێنی و کاتی توێژینەوەکە:**

چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە بریتیە لەو ڕووبەرەی کە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێمی تێدا ئەنجامدراوە (سنوری جوگرافی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا)، سەرەڕای هەژمارکردنی دەنگی ئەو پارێزگایانەی تری دەرەوەی ڕووبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجامدراوە و دەنگەکانیان بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەژمارکراوە و کاریگەریشیان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبووە، وەك پارێزگای کەرکوك و ئەو پارێزگایانەی دی کۆماری عێراقی فیدراڵ کە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی تێدا ئەنجامدراوە.

چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە بریتیە لەو ماوەیەی کە هەڵبژاردنەکانی (خولی یەکەم- خولی چوارەم)ی پەرلەمانی کوردستان تیادا ئەنجامدراوە.

**کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ژمارەیەك لە لیستە بەشداربووەکانی پرۆسەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەسبهێنن، پرسیارەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە:-

١-هۆکاری سەرنەکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە لیستە بەشدارەکان (لیستەکانی کورسی گشتی و لیستەکانی کورسی کۆتای پێکهاتەکان)ی پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان چین؟

٢-ئایا زۆرترین دەنگی لەکیس چوو (فەوتاو) لەکام ڕووبەری جوگرافییە (کام یەکەی کارگێڕییە)؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١-خستنە ڕووی هۆکارەکانی فەوتانی بەشێك لە دەنگی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان (کورسی گشتی، کورسی پێکهاتەکان) لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێمدا.

٢-زانینی ژمارەی لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان و زانینی ژمارە و ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوویان و زانینی ڕیزبەندی دەنگی فەوتاو بە پێی یەکە جوگرافی(کارگێڕی)ەکان.

٣-پڕکردنەوەی کەلێنێکی بچوکی کتێبخانەی کوردی بە بابەتێکی گرنگی وەك پرسی هەڵبژاردنەکان.

٤-پێشـــنیارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێم، بە جۆرێك پەرلەمانێکی کارا و حکومەتێکی بەهێزی لێ بەرهەم بێت، کە جێی متمانەی سەرجەم دانیشتوانی هەرێم بێت بە پێکهاتەکانیشەوە.

**گریمانەی توێژینەوەکە**

١-لاوازی پێگەی ســیاســی و جەماوەری و بەربژێرەکان و لاوازی پلانی هەڵبژاردنی بەشـێك لەم لیســتانە هۆکاری سەرنەکەوتنیانە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

٢- ئەنجامدانی کاری نایاسایی لە لایەن پارتە بەهێزەکانی کوردستانەوە، بەمەبەستی زیادکردنی دەنگ، هۆکارە بۆ زیادکردنی بەهای کورسییەکی پەرلەمانی و دەرنەچوونی ژمارەیەك لیستی هەڵبژاردن لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردندا.

٣-دەنگی بە فیڕۆچوو لە ســەرجەم پارێزگاکانی هەرێمدا بە ڕێژەی جیاواز بوونیان هەیە. ڕیزبەندی و پلەبەندی دەنگی فەوتاوی دەنگدەران لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی دیکە جیاوازە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-زانینی ژمارەی لیستە سەرنەکەوتوەکان بە پێی خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (یەکەم – چوارەم)

٢-زانین و شیکردنەوەی هۆکاری سەرنەکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە لیستەکانی هەڵبژاردن.

٣-زانینی ڕێژەی دەنگی فەوتاو بە پێی ڕووبەرە جوگرافیە جیاوازەکان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهاتووە.

**ئاستەنگی توێژینەوەکە:**

١-هەژاری و کەمی سەرچاوەی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردنەکان لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان.

٢-کەمی داتا و زانیاری بەردەست تایبەت بە پرسی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم، بۆیە بە ناچاری پەنا براوەتە بە دەزگای هەڵبژاردنی بەشێك لە پارتە ڕامیارییەکان و ئەرشیفی کەسایەتییە ئەکادیمیەکان.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

وەك هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، بابەتەکە دابەشـــکراوە بۆ چوار باس، هەر باســێکیش لە چەند تەوەرێك پێکهاتوە، ئەوانیش بریتین لە:

باسی یەکەم، بە ناونیشانی لیستە سەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩). ناونیشــانی باســی دووەم بریتیە لە: لیســتە ســەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠). بەشی سێیەم بە ناونیشانی: لیستە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥). ناونیشانی بەشی چوارەمیش بریتییە لە: لیستە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢١/ ٩/ ٢٠١٣):

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە (٥) ئەنجام گەیشــتوین، جگە لەوەی (٣)پێشــنیارمان خســتۆتە ڕوو بەمەبەســتی باشترکردنی پڕۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا.

**لیستە سەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی هەرێم لە نێوان خولەکانی (یەکەم – چوارەم)**

مەبەست لێی هەموو ئەو لیستانەیە(لیستەکانی کورسی گشتی، لیستەکانی کورسی کۆتاکان)، بەشداری ململانێی هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســتانیان کردووە، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانیان بە پێی یاسا کارپێکراوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، نەیان توانیوە هیچ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستبهێن، بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارە جوگرافی و ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیری... تاد. پشــت ســەرنەکەوتنی ئەم لیستانە، توێژینەوەکەمان بۆ چوار باس دابەش کردووە، ئەوانیش:

**باسی یەکەم: لیستە سەرنەکەوتوەکانی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩/٥/ ١٩٩٢):**

لەم باسەدا، تیشك دەخەینە سەر لیستە سەرنەکەوتوەکان و ژمارە و ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستیان هێناوە، چ لەسەر ئاستی ئەو ڕووبەرە جوگرافیەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجامدراوە، چ لەسەر ئاستی یەکەی کارگێڕیەکان (پارێزگاکان)، جگە لە دەستنیشانی ئەو هۆکارانەی لە پشت سەرنەکەوتنی ئەم لیستانەوە بوون، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان بۆ دوو تەوەر دابەش کردووە، ئەوانیش:

**تەوەری یەکەم: لیستە سەرنەکەووتوەکانی کورسی گشتی:**

هەموو ئەو لیستانە دەگرێتەوە لە ململانێی بەدەستهێنانی کورسی گشتی دابوون، نەیان توانی بەربەستی (٧٪) [*]ی هەڵبژاردن تێپەڕینن و هیچ کورسیەکی ئەنجومەنەکە بەدەستبهێنن، ژمارەی ئەم لیستانە (٥) لیست بوو، ئەوانیش برییتی بوون لە (لیستی ئیسلامی، لیستی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك (یەکگرتن)، لیستی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان و شیوعی و بێ لایەنەکان، لیستی گەل، لیستی دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان)، ئەم لیستانە توانیان (١٠٥،٥١٧)[١]دەنگ و ڕێژەی (١٠،٩٪) کۆی دەنگی لیستەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن بەدەستبهێنن، بەڵام هۆکارەکانی سەرنەکەوتن و نەگەیشتنی ئەم لیستانە بە ئەنجومەنی نیشتمانی دەگەڕێنەوە بۆ:

١-فاکتەری خەباتی ڕامیاری و سەربازی:

أ- لاوازی پێگەی جەماوەری، ئەم پارتانە بەراورد لەگەڵ (پ.د.ك و ی.ن.ك) لە ناو کۆمەڵگای کوردستانی ناسراونەبوون (چ لە خەباتی چەکداری، چ لە خەباتی ڕامیاریدا)، ئەگەر چی لە پێش ڕاپەڕینیش بەشدار بوون لە خەبات دژی حکومەتی بەعس لە عێراقدا.

ب-ئەم پارتانە ئەگەر چی خاوەنی پێشمەرگەو سەرکردەی زۆر قارەمان بوون، بەڵام وەك (پ.د.ك و ی.ن.ك) پارتی سەرەکی نەبوون و تەنانەت ڕۆڵی سەرەکیشیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان نەبووە، بۆیە بە هێندەی ئەو دوو پارتە نە خاوەنی ژمارەی پێشمەرگەبوون (هێز) نە شەهید (قوربانیدان) نە زیندانیانی ڕامیاری.

---

(*)- مەبەست لێی، لانی کەمی دەنگی پێویستە بۆ سەرکەوتنی لیستێکی هەڵبژاردن و گەیشتنی بەربژێرەکانی بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان. بە پێچەوانەشەوە.

(١)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/٢٧.

ت-کاریگەری هەردوو هێزی ســـەرەکی بەجۆرێك لە ســـەر ڕژێمە یەك لە دوایەکەکان بووە، چەندین جار ناچاری بە گفتوگۆ کردوون لەگەڵ (پ.د.ك و ی.ن.ك) دا." بۆیە تێڕوانینی بەشـــێکی زۆری خەڵکی کوردســـتان لەودەمەدا پێیان وابووە خەباتی چەکداری مولْکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە "[٢].

أ-لاوازی کاریگەری ئەم هێزانە بەراورد بە هەردوو هێزی ســەرەکی لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی ناوچەکانی کوردســتان لە چەپۆکی ڕژێمی پێشــوو لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا. هەردوو ســەرکردە نەوشــیروان مســتەفا و مســعود بارزانی و چەندین سەرکردەی تری دوو پارتە و پارتەکانیان، ڕۆڵی سەرەکییان لە ئەنجامدان و سەرکەوتنی ڕاپەڕین هەبوو.

١-میدیا

پارتەکانی تر بەگشـــتی یان خاوەنی میدیای تایبەت بە خۆیان نەبوون، یا میدیایەکی زۆر لاوازتریان هەبووە لە میدیای یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان و پارتی دیموکراتی کوردســـتان، بە تایبەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ئەمەش کاریگەری لەســەر ئاشــنانەبوونی وەك پێویســتی دانیشــتوان و دەنگدەرانی هەرێم بە چالاکی ڕامیاری و ســەربازی و بەرنامەی هەڵبژاردنی ئەم لیستانە هەبووە.

٢-فاکتەری ئایدیۆلۆجی:

أ-داخراوی کۆمەڵگای کوردســـتان، ئەمەش کاریگەری لە ســـەر ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و ئاینی تاك هەبووە، بۆیە ئایدیۆلۆجی ڕامیاری شــیوعیەت، ئایدیۆلۆجییەکی زۆر باو و پەســـەند نەبووە لە لایەن بەشـــێکی زۆری کۆمەڵگای کوردییەوە لەو دەمەدا. "جگە لە ئەنجـامـدانی دوو هەڵە لە لایەن ئەم حزبەوە (حزبی شـــیوعی) لەوانە: چونە هاوپەیمانێتی بەرەی نیشتمانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوودا، تێکەڵبوون بە شەڕی ناوخۆ لە کوردســـتاندا، تا ســاڵی ١٩٩١ بەشــێك بوون لە حزبی شــیوعی عێراق، ئەمەش جەســتەیەکی نامۆ بوو بە خەڵکی کوردستانی، جگە لەوەی کێشەی کوردستان کێشەی نەتەوایەتی بووە نەك کۆمۆنیزم "[٣].

أ-ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی وەك پارتێکی ڕامیاری لە لای بەشێکی زۆری کوردستانیان و دەنگدەران ئایدیۆلۆجیایەکی گونجاو نەبووە لەو دەمەدا، لەبەرئەوەی لە دیدی کۆمەڵگای کوردییەوە نەگونجاوبووە ڕامیاری بە ئاینی ئیســـلامەوە بکرێت.

١-سیستمی هەڵبژاردن:

أ-بڕیاردان لە سـیسـتمی هەڵبژاردنی زۆرینە، هۆکارێك بوە بۆ دەرنەچوونی ئەم لیسـتانە لە هەڵبژاردندا. ئەگەر نا بە نزیکەیی بەهای (١١) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگیان بەدەست دەهێنا، ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی بڕیار لێدراو ڕێژەیی بوایە، ئەم لیستانە بە (١١) بەربژێر بەشدار دەبوون لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

ب-دانانی بەربەرستی (٧٪) هۆکار بوو بۆ نەگەیشتنی هیچ یەکێك لەم لیستانە بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

٢-فاکتەری سەرکردایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی:

أ-ســـەرکردایەتی ئەم پارتانە بە هێندەی ســـەرکردایەتی هەردوو پارتی دەســـەڵاتدار ناســـراو نەبوون تا بەهێندەی ســەرکردایەتی هەردوو پارتی دەســەڵاتدار کاریگەری لە ســەر دەنگدەران دروســت بکەن، هەردوو ســەرکردە (مســعود بارزانی و جلال تاڵەبانی) دوو کاریگەرترین و ناسراوترین سەرکردەبوون لە هەرێمی کوردستاندا.

(٢)- دیدار لەگەڵ بەڕێز هاوژین عمر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/٢٧.

(٣) - دیدار لەگەڵ بەڕێز ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/١٨.

ب- لاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی سەرکردەی ئەم لیستانە بەراورد بە پێگەی کۆمەڵایەتی هەردوو پارتی سەرەکی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نمونە بنەماڵەی شێخانی بارزان و بنەماڵەی شێخانی تاڵەبان دوو لە بنەماڵە ناسراوەکانی کوردستانبوون.

١-ڕووبەری جوگرافی

أ-پێش ڕاپەڕین ئەم لیستانە قەڵەمڕەوی جوگرافی و خەبات و چالاکیان بەرتەسکتربووە لە قەڵەمڕەوی جوگرافی هەردوو پارتی سەرەکی، "حزبی شیوعی لە قەزای دەربەندیخان و سۆسیالیست لە شارەزوور و پاسۆك لە هەندێك شوێنی هەڵەبجە و سلێمانی بوونیان هەبووە" (٤).

أ- پاش ڕاپەڕین هەردوو پارتی سەرەکی بەکردار هەژموونی خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاند، هەرچی (پ.د.ك) هەبوو هەژموونی زیاتر بوو لە سەر پارێزگای دهۆك و پاشان پارێزگای هەولێر، هەرچی (ی.ن.ك) هەبوو هەژموونی خۆی بەسەر پارێزگای سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی گەرمیاندا سەپاند، بە تایبەتر لە پاش جەنگی ناوخۆی نێوان بەشێك لە پارتە کوردستانییەکان ئەم دابەشبوونە تۆختربۆوە.

١- ژمارەی لیستە بەشداربووەکان:

أ- زۆری ژمارەی لیستە بەشداربووە ململانێکارەکان ڕۆڵیان لە پەرشبوونەوەی دەنگی دەنگدەران و تێنەپەڕاندنی بەربەستی (٧٪) هەبوو.

ب- زۆر ژمارەی لیستە بەشداربووەکان هۆکارێك بوو بۆ بچوکتر بوونەوەی قەبارە و سەنگی هەڵبژاردنی لیستە ململانێکارەکانی هەردوو هێزی سەرەکی.

٢- دەنگدانی هاوشێوە یان دەنگدانی وەك یەك:

بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو دەمەدا، کاریگەری لەسەر کارتێکردنی یەکتر بە بیرو باوەڕی ڕامیاری هەبووە، بە جۆرێك نەك لەسەر تاك، بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەم کارتێکەرییە بەدەرکەتووە. بۆ نمونە پارێزگای دهۆك زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

٣- ڕێکارەکانی هەڵبژاردن:

ئەنجامدانی ڕێکاری نایاسایی (*) بۆ زیادکردنی دەنگ چ بە شێوەی ڕاستەخۆ لە لایەن هەندێك لە هێزی ڕامیاری و سەربازی لیستە باڵادەستەکان، چ لە لایەن بەڕێوەبەرانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی دەنگی

(٤)-دیدار لەگەڵ بەڕێز نەریمان مەجید سعید، ئەندامی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ٢٠١٨/١١/٥.

(*)-پرۆسەکە هەر لە سەرەتاوە بە تەزویر دەستی پێکرد، لە یەکەم هەنگاودا مەرەکەبی هەڵبژاردن لە سنوری تورکیا تەزویرکرا، بەهۆی ئاشکرابوونی ئەم تەزویرە بە ناچاری هەڵبژاردن لە ١٩٩٢/٥/١٧ بۆ ١٩٩٢/٥/١٩ دواخرا، بەڵام مەرەکەبە هەر کوالێتی زۆر نزم بوو بە ئاسانی لێدەکرایەوە هەنگاوی دووەمی تەزویر بریتی بوو لە گۆڕین و لابردنی ئەو سندوقانە کە زۆرینەی دەنگی حزبی سۆسیالیستی تێدابوو بەتایبەتی لە ناوچەی شارەزوور، دیدار لەگەڵ بەڕێز محمد حاجی محمود، سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، گوڵەخانە، ٢٠١٨/٣/١١. جگە لە ئەنجامدانی ڕێکاری جۆراوجۆری تری نایاسایی بەمەبەستی زیادکردنی دەنگ و دەنگدانی چەندبارە...تاد.

لایەنە بەشداربووەکان هەبوو [٥].فاتح ڕەئوف دەڵێت" ئەو ژمارەیە ڕاگەیەندراوە وەك دەنگی لیستی یەکگرتوو دەنگی ڕاستەقینەمان نیە، چونکە ئەم ژمارەیە کەمتربوو لە نیوەی ژمارەی ڕاستەقینەی تەنها پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، جگە لە ژمارەی ڕێکخستنەکانمان کە دەیان هەزار دەبوو، ئەمە و جگە لە پشتیوانی دەنگی جەماوەری کوردستان)[٦]، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی لیستە سەرنەکەتووەکانی کورسی گشتی بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (١) دەبینین، ئەم لیستانە لە پارێزگای دهۆك (١٣،٥٠٣) دەنگ و ڕێژەی (١،٤٪) کۆی دەنگی لیستەکانی هەرێمیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٣٣،٣٠٧) دەنگ و ڕێژەی (٣،٤٤٪) دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای کەرکوك (١٠،٣٧١) دەنگ و ڕێژەی (١،٠٧٪) دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٤٨،٣٣٦) دەنگ و ڕێژەی (٥٪) دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە.

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | ( %) بۆ کۆی دەنگی لیستە بەشداربووەکانی کورسی گشتی |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | ( %) | |
| دهۆك | ١٣،٥٠٣ | ١٢،٨ | ١،٤ |
| هەولێر | ٣٣،٣٠٧ | ٣١،٥٦ | ٣،٤٤ |
| کەرکوك | ١٠،٣٧١ | ٩،٨٣ | ١،٠٧ |
| سلێمانی | ٤٨،٣٣٦ | ٤٥،٨١ | ٥ |
| سەرجەم | ١٠٥،٥١٧ | ١٠٠ | ١٠،٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە: سلێمان مستەفا حەسەن، کورد و یەکەم ئەزمون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤٧٧و ٤٨٩-٤٩٢.


پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (١٢،٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (٣١،٥٦٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای کەرکوك پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (٩،٨٣٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (٤٥،٨١٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(١)

(٥)-دیدار لەگەڵ بەڕێزان: أ- عیرفان علی عبدالعزیز، ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، سلێمانی٢٠١٨/٨/٥. ب- فاتح ڕەئوف مارف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨/٨/٣٠. ج- فاخر ڤاهر، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان، ٢٠١٩/٩/٨.

(٦)-دیدار لەگەڵ بەڕێز فاتح ڕەئوف مارف، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە(١)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (١).

لاوازی پێگەی ئەم لیســتانە لە پارێگای دهۆك دەگەڕێتەوە بۆ یەکلابوونەوەی ئەم پارێزگایە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاوێتە بوونی زیاتری ئەم پارتە لەگەڵ دانیشتوان و تایبەتمەندییەکای دانیشتوانی ئەم پارێزگایە بەراورد بە پارت و لیســتەکانی دیکە، پارێزگاکانی هەولێر و ســلێمانی مەیدانی چالاکی بەرفراوانی ئەم لیســتانە بوون، چ لە خەبات و قوربانیدانی پێش ڕاپەڕین و ڕۆژانی ڕاپەڕین و چ لە پرۆسەی بانگەشە و هەڵبژاردندا، بۆیە توانیان زۆرترین دەنگ لەم پارێزگایەنە دا بەدەستبهێنن، ئەم لیستانە پێگەیەکی لاوازیان لە پارێزگای کەرکوکدا هەبووە، ئەویش بەهۆی کەمی ژمارەی دەنگدەر لە لایەك، لە لایەکی دیکەشــەوە ئەم پارێزگایە بۆ هەردوو هێزە ســەرەکیەکە یەکلایی ببووەوە بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

**تەوەری دووەم: لیستە سەرنەکەتووەکانی کورسی کۆتاکان:**

لەم هەڵبژاردنەدا (٥) کورســی بۆ کۆتاکان تەرخانکرا [٧]،ئەویش تەنها بۆ پێکهاتەی کلد و ســریان و ئاشــور، ئەو لیستانەشی بەشداری پرۆسەکەیان کرد (٤) لیست بوون، دوو لیستی کریستیانی (دیموکراتی مەسیحی سەر بە ی.ن.ك) و (کلد و ئاشــوری دیموکراتی کوردســتانی ســەربە حزبی شــیوعی)[٨] توانیان (٢،٦٧١)[٩] دەنگ و ڕێژەی (٢٢،٣١٪) کۆی

(٧) - بەرەی کوردستانی، بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی،

- http://perleman.org/files/articles/٠١٠٣١٥٠٧٢١٢٦.pdf.1july2019,p109.

(٨)-پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز سرود سلیم متی مقدسی، ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمان لە سەر لیستی ابناء النهرین، ٢٠١٨/١٠/٨.

(٩)-بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار ١٩٩٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل٣٠.

دەنگی لیستەکان بەدەستبهێنن، بەڵام بەهۆی بەدەستنەهێنانی دەنگی پێویست نەیانتوانی هیچ بەربژێرێکیان بنێرنە ئەنجومەنی نیشتمانی، هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم لیستانە دەگەڕێتەوە بۆ:

١-بونی لیستێکی بەهێزی وەك لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری لە ململانێی هەڵبژاردنەکەدا، کە دەیان ساڵ بوو لەدژی ڕژێمی بەعس خەباتی دەکرد.

٢- بردنی بەشێك لە دەنگی دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە لە لایەن لیستێکی سەرکەتووی ئەم پێکهاتەیە (لیستی مەسیحی یەکگرتوی کوردستان) کە لە بنەمادا لە لایەن پارتێکی سەرەکی کوردستان(پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە دروستکرابوو.

٣- لاوازی پێگەی ئەم لیستانە لەم هەڵبژاردنانەدا، چونکە ئەم لیستانە لەلایەن پارتە کوردستانیەکانی دیکەوە دروستکرابوون و سەنگێکی ئەو تۆی هەڵبژاردنیان لە نێو ئەم پێکهاتەیەدا نەبوو بۆ نمونە لیستی (دیموکراتی مەسیحی) نزیك بوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لیستی (کلد و ئاشوری دیموکراتی کوردستان) نزیك بوو لە حزبی شیوعی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی ژمارە و ڕێژەی دەنگی ئەم لیستانە بە پێی پارێزگاکانی هەرێم، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

خشتەی ژمارە (٢) .

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%) بۆ کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی پێکهاتەکە |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | (%) | |
| دهۆك | ٤٢٢ | ١٥،٨ | ٣،٥٢ |
| هەولێر | ٢،٢٠٢ | ٨٢،٤٤ | ١٨،٤ |
| کەرکوك | ٠ | ٠ | ٠ |
| سلێمانی | ٤٧ | ١،٧٦ | ٠،٣٩ |
| سەرجەم | ٢،٦٧١ | ١٠٠ | ٢٢،٣١ |


سەرچاوە:کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە: بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار ١٩٩٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل٣٠.

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٢) دەبینین، ئەم لیستانە لە پارێزگای دهۆك (٤٢٢) دەنگ و ڕێژەی (٣،٥٢٪)کۆی دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٢،٢٠٢) دەنگ و ڕێژەی (١٨،٤٪) کۆی دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای کەرکوك هیچ دەنگێکیان بەدەستنەهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٤٧) دەنگ و ڕێژەی (٠،٣٩٪) دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (١٥،٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستانە بووە و بەرێژەی (٨٢،٤٤٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای کەرکوك هیچ پاڵپشتی بەدەستهێنانی دەنگی ئەم لیستانە نەبووە و هیچ دەنگێکیان لەم پارێزگایەدا بەدەستنەهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستانە بووە و بەرێژەی (١،٧٦٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).

نەخشەی ژمارە(٢)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢/٥/١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٢).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی دووەم:**

**لیستە سەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان(٣٠/١/ ٢٠٠٥):**

لەم باسەدا لە ژمارە و ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی ئەم لیستانە دەدوێین کە نەیاتوانی لەم هەڵبژاردنەدا سەربکەون و هیچ بەربژێرێك بنێرنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، لەو هۆکارانەش دەدوێین کە ڕۆڵیان هەبوو لە سەرنەکەوتنی ئەم لیستانە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی دوو تەوەر کردووە، ئەوانیش:

**تەوەری یەکەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کورسی گشتی:**

ئەو لیستانەی کە سەرکەتوو نەبوون لە ململانێی کورسی گشتیدا ژمارەیان (١٠) لیست بوو بریتیبوون لە لیستەکانی (الحرکە الدیمقراگیە لشعب کردستان/بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، حزب الاخاء الوطني العراقي، حزب العمل الدیمقراطي الکوردستاني/پارتی کاری دیموکراتی کوردستان، قائمە المستقلین الاکراد/لیستی بێلایەن، الجبهە الوگنیە لوحدە العراق، بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان/ حرکة دیمقراطي کردستان، التیار الوطني الکردستاني/ڕەوتی نیشتمانی کوردستان، حزب الحل الدیمقراطي الکردستاني/پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، التجمع الجمهوري العراقي، جزب المحافظین الکردستاني) توانیان (٧٧،٤٣٤)[١٠] دەنگ و ڕێژەی (٤،٤١٪) کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بەدەستبهێنن، بەڵام بەهۆی کەمی ڕێژەی دەنگەکانیان نەیانتوانی هیچ بەربژێرێك بنێرنە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و هیچ کورسییەکی ئەنجومەنەکەش ببەنەوە لە کاتێکدا بە بەهای زیاتر لە (٥) کورسی ئەنجومەنەکە دەنگیان بەدەستهێناوە. هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم لیستانە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- لاوازی پێگەی جەماوەری و کەمی دەنگی بەدەستهاتوی هەر یەکێك لەم لیستانە.

٢-زۆری ژمارەی لیستەکان و پەرش بوونەوەی دەنگەکانیان.

٣-زۆری دەنگی بەدەستهاتوو لە لایەن لیستە سەرکەوتووەکان بە تایبەتی لە لایەن لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان کە توانی زیاتر (٨٩،٥٪) دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنێت، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای یەك کورسی، ئەمە جگە لە بەدەستهێنانی دەنگ لە لایەن لیستی کۆمەڵی ئیسلامی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کە توانیان زیاتر (٦٪) دەنگەکان بەدەست بهێنن.

٤- هەندێك لەم لیستانە بۆ یەکەمین جاربوو بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و پارتی ڕامیاریش نەبوون.

٥-هەندێك لەم لیستانە چەمکی عێراق لەگەڵ ناوەکانیان هاتبوو، وەك ( حزب الاخاو الوگنی العراقی، الجبهە الوگنیە لوحدە العراق، التجمع الجمهوری العراقی) ئەمەش لەگەڵ پەرۆشی دەنگدەرانی کوردستان بۆ دۆزی کورد و کوردستان یەکی نەدەگرتەوە لە کاتێکدا لە هەمان ڕۆژی ئەم هەڵبژاردنەدا، ئەم دەنگدەرانە دەنگیان بۆ سەرکەوتنی بەربژێری لیستە کوردیەکان دابوو بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

---

(١٠)-یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای هەڵبژاردن، خشتەو ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دا، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی چاپ، ل٤.

خشتەی ژمارە (٣)

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%)بۆ کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی کورسی گشتی و پێکهاتەکان |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | (%) | |
| دهۆك | ١٢،٣٨٧ | ١٦ | ٠،٧ |
| هەولێر | ٣٥،٩٦١ | ٤٦،٤٤ | ٢،٠٥ |
| پ.دی | - | - | - |
| سلێمانی | ٢٩،٠٨٦ | ٣٧،٥٦ | ١،٦٦ |
| سەرجەم | ٧٧،٤٣٤ | ١٠٠ | ٤،٤١ |


سەرچاوە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای هەڵبژاردن، خشتەو ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دا، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی چاپ، ل٤.

بە ڕوانین لە خشـــتەی ژمارە (٣) دەبینین، لە پارێزگای دهۆك (١٢،٣٨٧) دەنگ و ڕێژەی (٠،٧٪) دەنگی لیســـتەکانییان بەدەســـتهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٣٥،٩٦١) دەنگ و ڕێژەی (٢،٠٥٪) دەنگی لیســـتەکانیان بەدەســـتهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٢٩،٠٨٦) دەنگ و ڕێژەی (١،٦٦٪)ی دەنگی لیستەکانیان بەدەستهێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (١٦٪) ی کۆی دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشـتی بەهێزی ئەم لیسـتانە بوە و ڕێژەی (٤٦،٤٤٪)کۆی دەنگی ئەم لیسـتانەی پێکهێناوە، پارێزگای سـلێمانی پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (٣٧،٥٦٪) کۆی دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).

نەخشەی ژمارە(٣)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠٥/١/٣٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٣).

**تەوەری دووەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کورسی کۆتاکان:**

لە یاسای ژمارە(٤٧)ی ساڵی/٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق هیچ کورسییەك تەرخاننەکرابوو بۆ کۆتاکان[١١]،بۆیە هیچ لیستێکی پێکهاتەکان نەچوونە ململانێی هەڵبژاردنەوە، بەڵکو سەرجەمی پێکهاتەکان (کلد و سریان وئاشوری، ئەرمەن، تورکمان) لە ناو لیستی کوردستانی پشك و بەربژێریان بۆ تەرخانکرابوو، بۆیە هیچ لیستێکی سەرنەکەوتوو نەبوو لەم هەڵبژاردنەدا.

(١١)-ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(٤٧)ی ساڵی/٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق،
- http://perleman.org/files/articles/٢٥٠٢٠٨٠٩٥٣٤٧.pdf,1july2019,p.1-3.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی سێیەم: لیستە سەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٥/ ٧/ ٢٠٠٩):**

لەم باسەدا، لە ژمارەی ئەو لیستانە دەدەوێین، کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، بەڵام سەرنەکەتووبوون لە ناردنی بەربژێر بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەروەها، ژمارە و ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتوویان دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەو هۆکارانەش دەدوێین کە ڕێگربوون لە سەرنەکەوتنیان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی دوو تەوەر کردووە، ئەوانیش:

**تەوەری یەکەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کورسی گشتی:**

مەبەست لەو لیستانەیە چونە ململانێی هەڵبژاردن بۆ کورسی گشتی، ژمارەیان (٨) لیست بوو بریتیبوون لە (ئایندەی گەش بۆ کوردستان، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، حزب الدستوری العراقی، پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، بزوتنەوەی چاکسازی کوردستان، پارتی پارێزگارانی کوردستان، گەنجانی سەربەخۆ، لیستی پێشکەوتن)، توانیان (١٤،٣٠١)[١٢] دەنگ و ڕێژەی (٠،٧٩٪) کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی پرۆسەکە بەدەستبهێنن، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارە و ڕێژەی دەنگەکانیان نەیانتوانی هیچ کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنن، هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم لیستانە دەگەڕێنەوە بۆ:

١-بوونی کۆمەڵێك لیستێکی بەهێزی وەك لیستی کوردستانی، کەتوانی زیاتر لە (٥٩٪)ی دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنن.

٢-بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی وەك بزوتنەوەی گۆڕان و بردنی زیاتر لە(٢٤٪)دەنگی دەنگدەران.

٣-نەمانی پەراوێز بۆ بەدەستهێنانی دەنگ لە لایەن ئەم لیستانەوە، چونکە دەنگدەری کوردستان دابەش بوون بۆ دەنگی لایەنگری دەسەڵات و دژی دەسەڵات.

٤- لاوازی پێگەی هەڵبژاردنی ئەم لیستانە لە ناو دەنگدەرانی هەرێمی کوردستاندا.

٥- نوێی هەندێك لەم لیستانە و نەبوونی پارتی ڕامیاری.(هەندێك لەم لیستانە تەنها بۆ هەڵبژاردن دروستکرابوون وەك: لیستی ئایندەی گەش بۆ کوردستان، گەنجانی سەربەخۆی، بزوتنەوەی چاکسازی کوردستان...تاد.)، بۆ دابەشبوونی جوگرافی دەنگدەرانی ئەم لیستانە بڕوانە خشتەی ژمارە (٤).

---

(١٢)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی ژمارە (٤)

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەكەوتووەكانی كورسی گشتی بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%)بۆ کۆی دەنگی لیستە بەشدارەكانی تری كورسی گشتی |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | (%) | |
| دهۆك | ٢،٦٩١ | ١٨،٨٢ | ٠،١٥ |
| هەولێر | ٦،١٤٦ | ٤٢،٩٧ | ٠،٣٤ |
| سلێمانی | ٥،٤٤٦ | ٣٨،٠٨ | ٠،٣ |
| پ.تر (*) | ١٨ | ٠،١٣ | ٠ |
| سەرجەم | ١٤،٣٠١ | ١٠٠ | ٠،٧٩ |

سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە ڕەچاوكردنی خشتەی ژمارە (٤) دەبینین، دەنگی لیستە سەرنەكەتوەكان لە پارێزگای دهۆك (٢،٦٩١) دەنگ و ڕێژەی (٠،١٥٪)ی سەرجەمی دەنگی لیستەكانیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٦،١٤٦) دەنگ و ڕێژەی (٠،٣٤٪) كۆی دەنگی لیستەكانیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٥،٤٤٦) دەنگ و ڕێژەی (٠،٣٪) كۆی دەنگی لیستەكانیان بەدەستهێناوە.

پارێزگای دهۆك پارێزگای پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (١٨،٨٢٪) دەنگی ئەم لیستانەی پێكهێناوە، پارێزگای هەولێر، پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستانە بووە ڕێژەی (٤٢،٩٧٪)ی كۆی دەنگی ئەم لیستانەی پێكهێناوە، پارێزگای سلێمانی پارێزگای پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (٣٨،٠٨٪) كۆی دەنگی ئەم لیستانەی پێكهێناوە، پارێزگاكانی تری عێراقیش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستانە بوون و ڕێژەی (٠،١٣٪) دەنگی ئەم لیستانەیان پێكهێناوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤).


(*)-بریتیە لە دەنگدەری ئەو كوردستانیانەی كە لە ئەركی فەرمیدا بوون لە پارێزگاكانی تری عێراقی فیدراڵ (بەغداد، موسڵ...تاد.) پێشمەرگە و و ئاسایش و پاسەوانی بەرپرسان...تاد.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نەخشەی ژمارە(٤)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٤).

وەك دەبینین پارێزگای دهۆك کەمتر لە (١٩٪) دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم پارێزگایە بە پلەی یەکەم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکلایی بۆتەوە، پارێزگای هەولێر نزیکەی (٤٣٪)ی کۆی دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم پارێزگایە پایتەختی دەنگی لیستە جیاوازەکانی هەڵبژاردنیشە و هەر یەکەیان بە پێی سەنگی ڕامیاری و خەباتی چەکداری و ژمارەی دەنگدەریان لەم پارێزگایەدا دەنگیان بەدەست دەهێناوە. پارێزگای سلێمانی کەمتر لە (٣٩٪)ی دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە و بە پلەی دووەم دێت، ئەویش بەهۆی زۆری ژمارەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەم پارێزگایەدا و پەرش بوونەوەی بەشێکی کەم لە دەنگی دەنگدەرەکانیان بەسەر ئەم لیستانەی هەڵبژاردندا، سەرئەنجام دەنگی هەموو لیستەکان کەمتر بوو لە بەهای کورسییەکی پەرلەمانی لەم خولەی هەڵبژاردندا.

**تەوەری دووەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کورسی کۆتاکان:**

لە مادەی سی و شەشەمینی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای هەمووارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواکراو، (١١) کورسی وەك کۆتا بۆ پێکهاتەکان (کلد و سریان وئاشور (٥)کورسی، ئەرمەن (١) کورسی، تورکمان (٥)کورسی)[١٣] تەرخانکرا، لە خوارەوە لە لیستە سەرنەکەتوەکانیان دەدوێین، ئەوانیش بریتین لە:

(١٣)-پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای هەمووارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواکراو،

یەکەم: لیستە سەرنەکەتووەکان بۆ کۆتای پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری:

لە کۆی (٤) لیست، دوو لیستی ململانێکاری ئەم پێکهاتەیە نەیانتوانی سەربکەون بۆ پەرلەمانی کوردستان و هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستنبهێنن، ئەگەر چی توانیان (٣،٣٩٥)[١٤] دەنگ و ڕێژەی (١٧،١٤٪) کۆی دەنگی ئەم لیستەکان بەدەستبهێنن، بەڵام ئەم بەهایە کەمتر بوو لە بەهای یەك کورسی کە (٣،٩٦٢) دەنگ بوو، ئەوانیش بریتین بوون لە: ( لیستی الكلدان الموحدة، لیستی حكم الذاتي للكلدان السريان الاشوري ).

هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەم لیستانە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- دروستکردنی لیست بۆ ئەم پێکهاتەیە لە لایەن پارتێکی دەسترۆیشتوی هەرێم (پارتی دیموکراتی کوردستان بە نمونە)، ئاڕاستەکردنی بەشێك لە دەنگدەرە تایبەتەکانی بۆ دەنگدان پێی( ).

٢- بردنی دەنگێکی زۆر لە لایەن لیستی ڕافیدەین (بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری)، وەك لیستێکی خاوەن خەباتی لە مێژینەی ئەم پێکهاتەیە.

٣- لاوازی پێگەی هەڵبژاردنی ئەم لیستانە لە ناو دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە. بۆ زانینی دابەشبوونی جوگرافی دەنگی بەدەستهاتوی ئەم لیستە سەرنەکەوتوانە بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

خشتەی ژمارە (٥)

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%) بۆ کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی تری پێکهاتەکە |
|---|---|---|---|
| | ژ. | (%) | |
| دهۆك | ١،٠٨٠ | ٣١،٨١ | ٥،٤٥ |
| هەولێر | ١،٧٥٧ | ٥١،٧٥ | ٨،٨٧ |
| سلێمانی | ٥٤٩ | ١٦،١٧ | ٢،٧٧ |
| پ.تر | ٩ | ٠،٢٧ | ٠،٠٥ |
| سەرجەم | ٣،٣٩٥ | ١٠٠ | ١٧،١٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (٥) دەبینین، لە پارێزگای دهۆك (١،٠٨٠) دەنگ و ڕێژەی (٥،٤٥٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی تێدا بە بەدەستهاتووە، لە پارێزگای هەولێر (١،٧٥٧) دەنگ و ڕێژەی (٨،٨٧٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی تێدا بە دەستهاتووە، لە پارێزگای سلێمانی (٥٤٩) دەنگ و ڕێژەی (٢،٧٧٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی تێدا بەدەستهاتووە.

پارێزگای دهۆك ڕێژەی (٣١،٨١٪) و پارێزگای هەولێر ڕێژەی (٥١،٧٥٪)و پارێزگای سلێمانی ڕێژەی (١٦،١٧٪)و پارێزگاکانی تری عێراق ڕێژەی (٠،٢٧٪) کۆی دەنگە بە فیرۆچوەکانی ئەم پێکهاتەیەیان پێکهێناوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٥).

---

- http://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/٢٦٠٣٠٩٠٢٠٩٠٩.pdf,1july2019,p.3.


(١٤)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، مصدر سابق، بدون رقم الصفحة.

دووەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کۆتای پێکهاتەی ئەرمەن:

دوو لیست سەرکەتوو نەبوون لە گەیشتن بە پەرلەمانی کوردستان، ئەوانیش هەر یەکە لە( لیستی ایشخان ملکون سرکیسیان، لیستی وارتیکس موسیس سرکیسیان)، هۆکاری سەرنەکەوتنی هیچ یەکێك لەم لیستانە دەگەڕێنەوە بۆ:

نەخشەی ژمارە(٥)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی کلد و سریان و ئاشوری بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٥).

١-بونی بەربژێر و کادر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا.

٢-دەنگدانی دەنگدەرانی دەرەوەی ئەم پێکهاتەیە بە بەربژێری ئەم پێکهاتەیە و زیاد بوونی بەهای کورسیە کۆتاکەی ئەم پێکهاتەیە، ژمارەی دەنگی بە دەســتهاتووی ئەم پێکهاتەیە لە پارێزگای ســلێمانی زیاترە لە ژمارەی دەنگی هەموو ئەم پێکهاتەیە لە هەرێمی کوردستاندا، لە کاتێکدا پارێزگای سلێمانی پارێزگایەکی ئەرمەنی نشین نیە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە سەرنەکەوتوانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی ئەرمەن بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%) بۆ کۆی دەنگی لیستە بەشدارەکانی پێکهاتەکە |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | (%) | |
| دهۆك | ٧٩٩ | ٢١،١٣ | ١٠،٠١ |
| هەولێر | ١،٠٨٨ | ٢٨،٧٨ | ١٣،٦٤ |
| سلێمانی | ١،٨٨٨ | ٤٩،٩٣ | ٢٣،٦٦ |
| پ.تر | ٦ | ٠،١٦ | ٠،٠٨ |
| سەرجەم | ٣،٧٨١ | ١٠٠ | ٤٧،٣٩ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.

بە سەرنجدانی لە خشتەی ژمارە (٦) دەبینین، لیستە سەرنەکەوتووەکانی ئەرمەن لە پارێزگای دهۆك (٧٩٩) دەنگ و ڕێژەی (١٠،٠١٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١،٠٨٨) دەنگ و ڕێژەی (١٣،٦٤٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١،٨٨٨) دەنگ و ڕێژەی (٢٣،٦٦٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (٦) دەنگیان بەدەستهێناوە.

پارێزگای دهۆك پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستانەبووە و ڕێژەی (٢١،١٣٪) دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پاڵپشتی مامناوەندی ئەم لیستانەبووە و ڕێژەی (٢٨،٧٨٪) دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، پارێزگای سلێمانی پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستانە بووە و ڕێژەی (٤٩،٩٣٪) دەنگی ئەم لیستانەی پێکهێناوە، ئەویش بەهۆی ئاراستەکردنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەنگدانی تایبەت (هێزە چەکدارەکان...تاد.)، پارێزگاکانی تری عێراقیش پاڵپشتی زۆر لاوازی ئەم لیستانە بوون و ڕێژەی (٠،١٦٪) دەنگەکانی ئەم لیستانەیان پێکهێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٦).

نەخشەی ژمارە(٦)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی ئەرمەن بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سةرضاوة: كاري تويَذةر بةسود وةطرتن لة خشتةي ذمارة (٦).

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، ئەرمەنەکان لە پارێزگای دهۆك کۆبوونەتەوە، بەڵام کەمتر لە (٢٢٪) دەنگی ئەم لیستانە لەم پارێزگایەدا بەدەستهاتوون، لە کاتیکدا ئەرمەنی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیدا بوونیان نیە یان کەمترین ژمارەی ئەرمەنی لەم پارێزگایانەدا نیشتەجێن، بەڵام زیاتر لە (٧٨٪)ی دەنگی ئەم لیستانەی تێدا بەدەستهاتوون، ئەمەش تەنها شرۆڤەیەك هەڵدەگرێت، بەشداریپێکردنی دەنگدەری نا ئەرمەنییە لە لایەن لیستە بەهێزەکانی کوردستانەوە.

سێیەم لیستە سەرنەکەتووەکان بۆ کۆتای پێکهاتەی تورکمان:

تەنها یەك لیستی تورکمانی ململانێکار نەیتوانی سەربکەوێت بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەویش بریتیبوو لە لیستی سەربەخۆی تورکمان بۆ پاراستنی کەلەپوری هەولێر، بە ڕیزبەندی ژمارە (٣) و بە لیستی ژمارە (٧١) چووە ململانێی هەڵبژاردنەوە، هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- کەمی دەنگی ئەم لیستە کە تەنها (٣٩٨)[١٥] دەنگ و ڕێژەی (١،٣٣٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەستهێنا.

٢-هاریکاری کردنی دەسەڵات لە سەرکەوتنی هەندێك لە لیستەکانی نزیك لە خۆی.

---

(١٥)- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، مصدر سابق، بدون رقم الصفحة.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣-بەرزی بەهای کورسیەکی ئەم پێکهاتەیە، بەهۆی زۆری دەنگی بەدەستهاتووی لیستە تورکمانیەکانی تر. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

خشتەی ژمارە (٧)

لۆگۆ و ژمارەی لیست و ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستی سەربەخۆی تورکمان بۆ پاراستنی کەلەپوری هەولێر بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%) بۆ دەنگی لیستەکانی تری پێکهاتەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ. دەنگ | (%) | |
| 3 | 71 | | دهۆك | ٥١ | ١٢،٨٢ | ٠،١٧ |
| | | | هەولێر | ٢٠٢ | ٥٠،٧٥ | ٠،٦٨ |
| | | | سلێمانی | ١٤٤ | ٣٦،١٨ | ٠،٤٨ |
| | | | پ.تر | ١ | ٠،٢٥ | ٠ |
| سەرجەم | | | | ٣٩٨ | ١٠٠ | ١،٣٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەرگرتن لە: المفوضـية العليا المستقلة للانتخابات، مجموع الاصوات لكل كيان سياسي، تقرير غير منشور، بدون رقم الصفحة.

وەك لە خشتەی ژمارە (٧) دەبینین، ئەم لیستە لە پارێزگای دهۆك (٥١) دەنگ و ڕێژەی (٠،١٧٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٢٠٢) دەنگ و ڕێژەی (٠،٦٨٪) دەنگی ئەم پێکهاتەی بەدەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٤٤) دەنگ و ڕێژەی (٠،٤٨٪) دەنگی ئەم پێکهاتەیەی بەدەستهێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا تەنها (١) دەنگی بەدەستهێناوە.

پارێزگای دهۆك پارێزگای پاڵپشتی لاوازی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (١٢،٨٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، پارێزگای هەولێر پارێزگای پاڵپشتی بەهێزی ئەم لیستە بووە و ڕێژەی (٥٠،٧٥٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە ئەویش بەهۆی زۆری پێکهاتەی تورکمان لەم پارێزگایە، پارێزگای سلێمانی پارێزگای مامناوەندی ئەم لیستەبووە و ڕێژەی (٣٦،١٨٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٧).

هۆکارەکانی کەمی دەنگی ئەم لیستە لە سەرجەم پارێزگاکاندا دەگەڕێنەوە بۆ:

١-کەمی بەشداری کارای دەنگدەری ئەم پێکهاتەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و بێ هیوابوونیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.


٢- بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆر لە لایەن ئەو لیستانەی پاڵپشتی دەنگیان هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆ زیادبوونی بەهای یەك کورسی و سەرنەکەوتنی ئەو لیستانەی پاڵپشتی دەنگی دەرەکیان نیە. خۆ ئەگەر پاڵپشتی پارتی باڵادەست نەبێت، دەنگی لیستەکانی تری تورکمانیش نزیك دەبن لە ڕێژەی دەنگی ئەم لیستەوە.

لە کۆی (٤) لیستی بەشداربوو، (٣) لیستیان زاراوەی هەولێر بە ناوی لیستەکەیانەوەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی تورکمان لە هەولێر و هەندێك لە تورکمانەکان زیاتر لەوەش هەولێر بە شارێکی تورکمانی دەناسێنن، ئەگەر تورکمان لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك هەیە، بۆ هیچ یەکێك لە لیستە تورکمانیەکان ناوی لیستەکانیان بەناوی شاری سلێمانی

یان دهۆك ناو نانێن، خۆ ئەگەر توركمان لەم دوو شارەدا نیشتەجێ نین، چۆن دەبێت زیاتر لە (١٥،٧٠٠)[١٦] دەنگ و نزیكەی (٥٣٪) دەنگی ئەم پێكهاتەیە لەم پارێزگایانەدا بەدەستبهێنن. دەبێت توركمانی خولەكانی پێشوو چ خزمەتێكیان زیاتر لە شـاری هەولێر پێشـكەشـی ئەم دوو شـارە كردبێت وا لەم خولەدا هەزارەها دەنگییان بۆ ئەم لیسـتە توركمانیانە بن، بۆیە ئەوەی هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە ئەوەیە ئەم لیسـتە سـەركەوتوانە لە لایەن لیسـتی تری باڵادەسـتی هەرێمی كوردستانەوە پشتگیری دەكرێن بۆ سەركەوتنیان و گەیشتن بە پەرلەمانی كوردستان.

نەخشەی ژمارە(٧)

ڕێژەی دەنگی لیستی سەربەخۆی توركمان بۆ پاراستنی كەلەپوری هەولێر بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠٠٩/٧/٢٥)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٧).

(١٦)- المصدر نفسه، بدون رقم الصفحة.

**باسی چوارەم: لیستە سەرنەکەتووەکانی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢١/ ٩/ ٢٠١٣):**

لەم باسەدا، لە ژمارە و ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی ئەو لیستانە دەدوێین، کە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم خولەیان کرد، بەڵام سەرکەتوونەبوون لە ناردنی هیچ بەربژێرێکیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسەمان دابەشی دوو تەوەر کردووە، ئەوانیش بریتین لە :

تەوەری یەکەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کورسی گشتی:

ئەو لیستانەی لەم هەڵبژاردنەدا نەیانتوانی هیچ کورسیەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنن، ژمارەیان (١٠) لیست بوو، ئەوانیش بریتیبوون لە (لیستی مافەکانی خەڵکی کوردستان، لیستی سەربەخۆکان، مافی گەل، پەرێشان و هەژاران، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، حزبی رزگاری کوردستان RPK، ئاینده، یەکێتی نەتەوەی دیموکراتی کوردستانYNDK، لیستی چاکسازی و گەشە، پارتی پارێزگارانی کورستان)، ئەگەر چی توانیان (٢٠،١٥٠)[١٧] دەنگ و ڕێژەی (١،٠٤٪) کۆی دەنگەکانی کورسی گشتی بەدەستبهێن، ئەمەش دەکاتە بەهای (١) کورسی پەرلەمانی.

هۆکاری بەدەست نەهێنانی کورسی پەرلەمانی لایەن ئەم لیستانە دەگەڕێنەوە بۆ:

١-بونی چەند لیستێکی بەهێزی وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی...تاد.) کە توانیان نزیکەی (٩٩٪)دەنگەکان بەدەست بهێنن.

٢-هەندێك لەم لیستانە تەنها بۆ هەڵبژاردن دروست کراون و پارتی ڕامیاری نین.

٣-لاوازی پێگەی دەنگدەری ئەم لیستانە، بۆ نمونە لیستی پەرێشان و هەژاران توانیویەتی تەنها (٢١٠) دەنگ بەدەستبهێنێت.

٤-بوونی کاری نایاسایی بۆ زیادکردنی دەنگ و بەرزکردنەوەی بەهای کورسییەکی پەرلەمانی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

خشتەی ژمارە (٨)

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%) بۆ دەنگی لیستەکانی تری کورس گشتی |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | (%) | |
| دهۆك | ٣،٤٤٣ | ١٧،٠٩ | ٠،١٨ |
| هەولێر | ٨،٧١٤ | ٤٣،٢٥ | ٠،٤٥ |
| سلێمانی | ٧،٩٦٦ | ٣٩،٥٣ | ٠،٤١ |
| پ. تر | ٢٧ | ٠،١٣ | ٠ |
| سەرجەم | ٢٠،١٥٠ | ١٠٠ | ١،٠٤ |

(١٧)- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل.


سەرچاوە: كاری توێژەر، بە سوودوەرگرتن لە: أ- یەكگرتوی ئیسلامی كوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەكگرتوی ئیسلامی كوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بڵاونەكراوە. بە بێ ژمارەی ل، ب- ئەرشیفی محمد حسن محمود، مامۆستای زانكۆ.

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٨) دەبینین، ئەم لیستانە لە پارێزگای دهۆك (٣،٤٤٣) دەنگ و ڕێژەی(٠،١٨٪) كۆی دەنگی لیستەكانی كورسی گشتیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٨،٧١٤) دەنگ و ڕێژەی (٠،٤٥٪) كۆی دەنگی لیستەكانی كورسی گشتیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٧،٩٦٦) دەنگ و ڕێژەی (٠،٤١٪) كۆی دەنگی لیستەكان كورسی گشتیان بەدەستهێناوە.

پارێزگای دهۆك ڕێژەی (١٧،٠٩٪) كۆی دەنگەكانی ئەم لیستانەی پێكهێناوە، پارێزگای هەولێر ڕێژەی (٤٣،٢٥٪) كۆی دەنگەكانی ئەم لیستانەی پێكهێناوە، پارێزگای سلێمانی ڕێژەی (٣٩،٥٣٪) كۆی دەنگەكانی ئەم لیستانەی پێكهێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٨).

نەخشەی ژمارە(٨)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەكەوتووەكانی كورسی گشتی بە پێی پارێزگاكان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: كاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (٨).

هۆكاری كەمی دەنگی ئەم لیستانە دەگەڕێنەوە بۆ نەبوون یان لاوازی ڕێكخستنی ئەم پارتانە لە پارێزگای دهۆك، زۆری ژمارە و ڕێژەی دەنگی ئەم لیستانە لە پارێزگای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیری دانیشتوانی هەولێر لە هەموو لیستەكان بە ڕێژەیەكی دیاریكراو، هۆكاری مامناوەندنی دەنگی ئەم لیستانە لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادی زیاتر و بەهێزی پێگەی ئۆپۆزسیۆن و پشتگیریكردنی هەموو لیستێكی ململانێكاری پارتە دەسەڵاتدارەكان.

**تەوەری دووەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کورسی کۆتاکان:**

بەهەمان شێوەی لیستەکانی کورسی گشتی، چەند لیستێکی کۆتاکانیش نەیاتوانی بگەنە پەرلەمانی کوردستان، ئەوانیش بریتیبوون لە:

یەکەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کۆتای پێکهاتەی ئەرمەن:

١- لەم هەڵبژاردنەدا (٣) لیستی ئەرمەنی کە بریتیبوون لە (ایشخان ارشاك کیفورکیان، ارام شاهین داود باکویان، نوبار سیبان غریب قوریان)سەرکەتوو نەبوون لە بەدەستهێنانی کورسییە کۆتاکەی پێکهاتەکەیان، ئەوانیش بەهۆی:

٢- زۆری ژمارەی لیستەکان لە چاو کەمی ژمارەی کورسی تەرخانکراوی پێکهاتەکەیان کە تەنها(١)کوسی بووە.

٣- بەهێزی لیستەکانی تر بە تایبەت لیستی (یروانت نیسان مارکۆس امینیان).

٤- لاوازی پێگەی جەماوەری لیستەکانی تر بەجۆرێك لیستی (نوبار سیبان غریب قوریان) تەنها (١٣٣) [١٨] دەنگی بەدەستهێناوە.بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩).

خشتەی ژمارە (٩)

ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی ئەرمەن بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)

| پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتوو | | (%) بۆ دەنگی لیستەکانی تری پێکهاتەکە |
|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ | (%) | |
| دهۆك | ٥٤٨ | ٦٥،٤ | ٤٠ |
| هەولێر | ١٤٣ | ١٧،٠٦ | ١٠،٤٤ |
| سلێمانی | ١٤٦ | ١٧،٤٢ | ١٠،٧ |
| پ.تر | ١ | ٠،١٢ | ٠،٠٧ |
| سەرجەم | ٨٣٨ | ١٠٠ | ٦١،٢١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، بە سودوەرگرتن لە: أ- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل، ب- ئەرشیفی محمد حسن محمود، مامۆستای زانکۆ.

بەڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە (٩) دەبینین، ئەم لیستانە لە پارێزگای دهۆك (٥٤٨) دەنگ و ڕێژەی (٤٠٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەکەیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (١٤٣) دەنگ و ڕێژەی (١٠،٤٤٪) دەنگی ئەم پێکهاتەکەیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (١٤٦) دەنگ و ڕێژەی (١٠،٧٪) کۆی دەنگی ئەم پێکهاتەکەیان بەدەستهێناوە، لە پارێزگاکانی تری عێراقیش تەنها (١) دەنگیان بەدەستهێناوە.بڕوانە نەخشەی ژمارە (٩).


(١٨)-یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، بە بێ ژمارەی ل.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نەخشەی ژمارە(٩)

ڕێژەی دەنگی لیستە سەرنەکەوتووەکانی پێکهاتەی ئەرمەن بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە(١)

بەو پێیەی پارێزگای دهۆك پێگەی سەرەکی پێکهاتەی ئەرمەنە، ئەم لیستانە زۆرترین دەنگی ئەم پێکهاتەیەیان لەم پارێزگایەدا بەدەستهێناوە.

دووەم: لیستە سەرنەکەوتووەکان بۆ کۆتای پێکهاتەی تورکمان:

لەم خولەی هەڵبژارندا تەنها یەك لیستی ئەم پێکهاتەیە نەیتوانی سەرکەوتوبێت لە گەیشتن بە پەرلەمانی کوردستان ئەویش بریتی بوو لە بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان:

ئەم لیستە بە ریزبەندی ژمارە (٢٣) بە لیستی ژمارە (١٢٢) چوە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و توانی (١،٦٠٣) [١٩]دەنگ و ڕێژەی (٨،٩٪) کۆی دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیە بەدەستبهێنێت، هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم لیستە دەگەڕێنەوە بۆ:

١- بەرزبوونەوەی بەهای کورسی پەرلەمانی ئەم پێکهاتەیە، ئەویش بەهۆی دەنگدانی دەنگدەرەی دەرەوەی ئەم پێکهاتەیە بە تایبەت دەنگدەری پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم.

(١٩)-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢- لاوازی پێگەی دەنگدەری ئەم لیستە بەراورد بە لیستە ململانێکارەکانی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دابەشبوونی جوگرافی دەنگی ئەم لیستە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

خشتەی ژمارە (١٠)

لۆگۆ و ژمارەی لیست و ژمارە و ڕێژەی دەنگی لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان (٢٠١٣/٩/٢١)

| ژ. | ژ.لیست | لۆگۆ | پارێزگا | دەنگی بەدەستهاتو | | (%)بۆ دەنگی لیستەکانی تری پێکهاتەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ. دەنگ | (%) | |
| 3 | 122 | | دهۆك | ١٣١ | ١٢،٣٢ | ١،١ |
| | | | هەولێر | ٧٢٢ | ٦٧،٩٢ | ٦،٠٤ |
| | | | سلێمانی | ٢٠٨ | ١٩،٥٧ | ١،٧٤ |
| | | | پ.تر | ٢ | ٠،١٩ | ٠،٠٢ |
| سەرجەم | | | | ١،٠٦٣ | ١٠٠ | ٨،٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی ل.


بە تێبینکردنی خشتەی ژمارە (١٠) دەبینین، لە پارێزگای دهۆك (١٣١) دەنگ و ڕێژەی (١،١٪) دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیەی بەدەستهێناوە، ئەم پارێزگایە ڕێژەی (١٢،٣٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، لە پارێزگای هەولێر (٧٢٢) دەنگ و ڕێژەی (٦،٠٤٪) دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیەی پێکهێناوە، ئەم پارێزگایە ڕێژەی (٦٧،٩٢٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە، لە پارێزگای سلێمانی (٢٠٨) دەنگ و ڕێژەی (١،٧٤٪) دەنگی لیستەکانی ئەم پێکهاتەیەی پێکهێناوە، جگە لەوەی ڕێژەی (١٩،٥٧٪) دەنگەکانی ئەم لیستەی پێکهێناوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٠).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

نەخشەی ژمارە(١٠)

ڕێژەی دەنگی لیستی بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمان بە پێی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان (٢٠١٣/٩/٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەسود وەگرتن لە خشتەی ژمارە (١٠).

**ئەنجام**

١-زۆری ژمارەی لیستە بەشداربووەکان، لاوازی پێگەی هەڵبژاردنیان، نەناسراوی بەشێك لەم لیستانە، لاوازی بەربژێرەکان، هۆکاری سەرنەکەوتنیان بووە لە هەڵبژاردنەکان، هەرچەندە هۆکارێکیش بوون بۆ بەشداریکردنی زۆرترین لیستی هەڵبژاردن و دروستکردنی ململانێ هەڵبژاردن و جوانترکردن و گەشترکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا.

٢-ڕیزبەندی زۆرترین دەنگی لە کیس چوو بۆ هەڵبژاردنی کورسی گشتی بە پێی پارێزگاکان لە خولی یەکەمدا بریتی بووە لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك بەڵام لە سەرجەم خولەکانی تردا بریتیبووە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك. ڕیزبەندی زۆرترین دەنگی لە کیس چوو بۆ کورسی کۆتاکانی کلدان و سریان و ئاشور لە هەڵبژاردنی هەردوو خولی یەکەم و سێیەم بریتی بووە لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك، سلێمانی. ڕیزبەندی زۆرترین دەنگی لە کیس چوو بۆ پێکهاتەی ئەرمەن لە خولی سێیەم بریتیبووە لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك و لە خولی چوارەمدا بریتیبووە لە پارێزگاکانی دهۆك، سلێمانی، هەولێر. ڕیزبەندی زۆرترین دەنگی بەفیڕۆچوی دەنگی پێکهاتەی تورکمان لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا دا بریتی بووە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك.

٣-دەنگە فەوتاوەکانی خولی یەکەم بە بەهای نزیکەی (١١)کورسی ئەنجومەنەکە بووە (ئەویش بەهۆی یاسای هەڵبژاردن و دانانی بەربەرستی (٧٪)، لە هەڵبژاردنی خولی دووەمدا دەبێت بە بەهای نزیکەی (٥) کورسی، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمدا دەبێت بە بەهای نزیکەی (١) کورسی.

٤- تەرخانکردنی کورسی کۆتاکان، لە بنەمادا بۆ پێدانی مافە بە پێکهاتەکان و بەشداری پێکردنیانە لە دامەزراوەی بڕیاردان لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا لیستەکانی دەرەوەی ئەم پێکهاتانە کورسی کۆتاکانیان بۆ بەرژەوەندی حزبی قۆستۆتەوە، چ بە دروستکردنی لیستی هەڵبژاردنی نزیك لە خۆیان، چ بە دەنگدان و دەرچواندنی بەربژێرەکانی نزیك لە خۆیان.

٥-بەهێزی هەردوو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دەستگرتن بە سەر سەرجەم سێکتەرەکان و بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکان، هۆکارێکی بەهێزی سەرنەکەوتنی ئەم لیستانە بووە.

٦-لە سەرجەمی هەڵبژاردنەکاندا بەربژێری پێکهاتەکانی نزیك لە دەسەڵات گەیشتونەتە پەرلەمان، بەڵام ڕێژەکەیان لە نێوان خولێك بۆ خولێکی تر جیاواز بووە، بەگشتی ڕێژەی (٢٥٪- ١٠٠٪) کورسیەکانی ئەم پێکهاتانەیان پێکهێناوە.

**پێشنیاز**

بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێم بە شێوەیەك کە دەنگی دەنگدەران نەفەوتێت گرنگە ئەم هەنگاوانە بگیرێنە بەر:

١-کاکردن بۆ بەرجەستەکردنی فرەیی سیاسی( التعدديه السياسيه).

٢-پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان لیستە لاوازەکانی هەڵبژاردندا ( بەتایبەت ئەو لیستانەی لە ڕووی ئایدیۆلۆجیا و بەرنامەی هەڵبژاردنەوە لە یەك نزیکن)، هۆکارێکیش دەبێت بۆ نەفەوتاندنی دەنگی دەنگدەران و ناردنی بەربژێرەکانیان بۆ پەرلەمان. جگە لەوەی کارئاسانیش دەبێت بۆ دەنگدەران، چونکە کەمی ژمارەی لیستەکانی هەڵبژاردن لە کارتی دەنگداندا، دەنگدەران بە کەمترین کات دەتوانن لیست و بەربژێری مەبەست هەڵبژێرن.

٣-بەربژێکردنی بەربژێری بەهێز لە لایەن ئەم لیستانەوە، بەجۆرێك لە ئاست متمانەی دەنگدەراندا بێت و بتوانێت بەشێك لە دەنگەکانیان بەدەستبهێنێت.

٤-گێڕانەوەی مافی یاسایی پێکهاتەکان بە چاونەبڕینە کورسیەکانیان، بەمەبەستی دروستبوونی ململانێی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن لە نێوان لیست و بەربژێرەکانی ئەم پێکهاتانە، ئەم کارە دەبێتە هۆی:

أ-هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانەی کە خزمەتی ڕاستەقینەی پێکهاتەکان دەکەن.

ب-بەرجەستەکردنی دیموکراسی ڕاستەقینە و پیشاندانی ڕووی گەشی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و پیشاندانی زیندووی پەرلەمانی کوردستان و بەدەستهێنانی پشتگیری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەو پەرلەمانەی کە هەموو دانیشتوانی هەرێم هەست بە خاوەندارێتی دەکەن.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەی کوردی:**

**١-پەرتوك:**

**أ-** حەبیب، بەدران ئەحمەد، هەڵبژاردنەکانی کوردستان١٩ ئایار ١٩٩٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

ب- حەسەن، سلێمان مستەفا ، کورد و یەکەم ئەزموون، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ- سلێمانی، ٢٠١٧.

٢-بڵاوکراوەی فەرمی (حکومەت، حزب، ڕێکخراوەکان)

أ- بەرەی کوردستان، بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستان،

- http://perleman.org/files/articles/٠١٠٣١٥٠٧٢١٢٦.pdf.١july٢٠١٩.

ب- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواکراو،

-http://www.kurdistan-parliament.org/files/articles/٢٦٠٣٠٩٠٢٠٩٠٩.pdf,١july٢٠١٩.

ت- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ناوەندی سیاسی و جەماوەری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان- سلێمانی، بەشی هەڵبژاردنی ناوەند، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە. بە بێ ژمارەی ل.

پ- یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی ڕێکخستن، دەزگای هەڵبژاردن، خشتەو ئامارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دا، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بە بێ ژمارەی چاپ، ل٤.

ج- ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە(٤٧)ی ساڵی/٢٠٠٤ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق.

-،http://perleman.org/files/articles/٢٥٠٢٠٨٠٩٥٣٤٧.pdf,١july٢٠١٩..

١-دیداری کەسی :

أ- سەعید، نەریمان مەجید، ئەندامی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەزگای هەڵبژاردن، ٢٠١٨/١١/٥.

ب- ڤاهر، فاخر، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان، ٢٠١٩/٩/٨.

ت- عبدالعزیز، عیرفان علی، ڕاپەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، سلێمانی٢٠١٨/٨/٥.

پ- عەلی، ئەبوبەکر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/١٨.

ج- عمر، هاوژین ، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، سلێمانی، ٢٠١٨/١٠/٢٧.

ح- مارف، فاتح ڕەئوف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سیۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٨/٨/٣٠.

خ- محمود، محمد حاجی، سکرتێری گشتی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، گوڵەخانە، ٢٠١٨/٣/١١.

١- پەیوەندی تەلەفۆنی:

أ- بەرواری، جیهان ئیسماعیل بنیامین، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمان لەسەر لیستی ڕافیدەین، ٢٠١٨ /١٠/١.

ب- مقدسی، سرود سلیم متی، ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمان لە سەر لیستی ابناو النهرین، ٢٠١٨/١٠/٨.

٢- ئەرشیفی کەسی:

أ-محمد حسن محمود، مامۆستای زانکۆ.

**دووەم: سەرچاوەی عەرەبی:**

**١- بڵاوكراوەی فەرمی (حكومەت، حزب، ڕێكخراوەكان)**

أ- المفوضـية العليا المسـتقلة للانتخابات، مجموع الاصـوات لكل كيان سـياسـي، تقرير غير منشـور، بدون رقم الصفحة.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034